# ئاادار بن من ب لا ئافرتان

له عوقبه‌ی کوڕی عامره‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- که پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ئاگادار بن مه‌چن بۆ لای ئافره‌تان»، پیاوێک له ئه‌نساڕ ووتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا، ئه‌ی ئه‌گه‌ر (خزم)^ بێت؟ فه‌رمووی: «خزم بێت وه‌کو مردن وایه». ^(خزم: مه‌به‌ست که‌سێکی نامه‌حره‌مه وه‌کو خێزانی برا وئامۆزا وپورزا وهاوشێوه‌ی ئه‌مانه).

[صه‌حیحه] [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوه سه‌باره‌ت به تێکه‌ڵبوون له‌گه‌ڵ ئافره‌ته نامه‌حره‌كان، وفه‌رموویه‌تی: خۆتان بپارێزن ودووربن له چوونه لای ئافره‌تان، وئاگادار بن با ئافره‌تانیش نه‌یه‌ن بۆ لای ئێوه. پیاوێك له ئه‌نساڕه‌كان ووتی: ئه‌ی سه‌باره‌ت به كه‌سه نزیكه‌كانی مێرد؛ وه‌كو برا وبرازا ومام وكوڕی مام وبه‌و شێوه‌یه، له‌و كه‌سانه‌ی كه حه‌ڵاڵه بۆیان ئافره‌ته‌كه بخوازن ئه‌گه‌ر هاوسه‌رگیری نه‌كردبێت؟ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: هۆشدار بن له‌و شته هه‌روه‌كو چۆن هۆشدارن سه‌باره‌ت به مردن! چونكه به‌ته‌نها بوون له‌گه‌ڵ خزمی مێرد هۆكاره بۆ فیتنه وتیاچوون له ئایندا، كه‌سه نزیكه‌كانی مێرد جگه له باوك وكوڕه‌كانی له‌پێشترن به‌وه‌ی ڕێگریان لێبكرێت له تێكه‌ڵبوون له‌گه‌ڵ ئافره‌ته‌كه زیاتر له كه‌سی بیانی؛ چونكه به‌ته‌نها بوونی كه‌سی نزیكی مێرد له‌گه‌ڵ ئافره‌ته‌كه زیاتره به به‌راورد له‌گه‌ڵ كه‌سی تر، وشه‌ڕ وخراپه زیاتر ڕوو ده‌دات به به‌راورد له‌گه‌ڵ كه‌سی تر، وتووشبوونی به فیتنه له‌گه‌ڵیاندا زیاتره چونكه ده‌توانن بگه‌ن به ئافره‌ته‌كه وبه ته‌نها بن له‌گه‌ڵیدا به بێ ئه‌وه‌ی لۆمه بكرێن، چونكه ئاماده‌بوونی واباوه ناكرێت ڕێگری لێبكرێت، و واباوه كه ناتوانرێت ئافره‌ته‌كه نه‌بینێت، چونكه خووی زۆرێك له خه‌ڵكی وایه ئاسانكاری ده‌كه‌ن له‌مه‌دا بۆیه پیاو به‌ته‌نها ده‌مێنێته‌وه له‌گه‌ڵ خێزانی براكه‌ی؛ ئه‌مه هاوشێوه‌ی مردنه له ناشیرینی وخراپه‌دا، به‌پێچه‌وانه‌ی مانه‌وه‌ی پیاوی بیانی چونكه هۆشدارن له‌وه‌ی به‌ته‌نها نه‌مێنێته‌وه له‌گه‌ڵ ئافره‌ته‌كه‌دا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5888

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee